# لەبەردەم دوڕێیانی "مافی نەتەوەی کورد" و "مافی هاوڵاتیی کورد"دا

## - قسەیەک لەسەر هەوڵی کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیرانی کورد
## بۆ ستانداریزەکردنی شێوەزاری کرمانجیی ناوەڕاست -

**سیروان عەبدول**



### - بەشی سێیەم و کۆتایی -

من بە کارێکی خەتەرناکی دەزانم کە ئایدۆلۆژیای کوردایەتیی تا ئێستاش ئەو ڕەوتە زاڵەی ناو ڕۆشنبیریی کوردییە کە ڕەنگی خۆی بەسەر هەموو گوتاری ئەم ڕۆشنبیرییەدا فەرز کردووە. ڕادیکاڵترین ڕەخنەگری ئێمە کە دێتە قسە، ئەو نەهامەتییانەی کە ئێستا یەخەی کۆمەڵگای کوردیی گرتووە، بە نەبوونی قەوارەیەکی نەتەوەیی بۆ کورد و بە لادانی دەسەلاتداران "لە دابی کوردایەتیی"، لێکدەداتەوە. پێشنیارنامەکەی ئەو کۆمەڵە ڕۆشنبیرەش بە هەمان تۆن، "یەکێک لە هۆکارەکانی پارچەپارچەبوونی نەتەوەیی" کورد بەوە دەزانێت کە "دەزگا سەروەرییە باڵاکانی هەرێم هەڵنەساون بەو پرسیارێتییە مێژووییە کە هاوڵاتیی کورد بکەنە ئەندامی پابەندی نەتەوەی کورد و خەیاڵ و پەیوەستبوونێکی سیمبۆڵیی لەناو زمانێکی تاک و ستانداردا بۆ دروست بکەن". داوایەکی وا بێئاگایە لەوەی کە ڕەسمییەتپێدانی کرمانجیی ناوەڕاست وەک زمانی ستاندارد ئەوەندەی تر شێوەزاری کرمانجیی ژوروو پەراوێزتر دەخاتەوە و پرێستیژی لێ دادەماڵێت. لەدرێژەشدا حەتمەن ئاگاداری ئەوە نییە کە پەراوێزکەوتنی شێوزارێک بەمانای پەراوێزکەوتنی کۆمەڵایەتیی قسەپێکەرانیشی دێت. ئەمە پێچەوانەکەشی ڕاستە؛ بەو مانایەی کە پەراوێزکەوتنی گروپێکی کۆمەڵایەتیی پەراوێزکەوتنی زمان یان شێوەزارەکەشیانی بەدوادا دێت. دەرەنجام ئەمە بازنەیەکی داخراوی "شەڕ" دروست دەکات کە گروپێکی زەرەرمەندت لە کۆمەڵگادا بۆ دەخاتە جوغزێکی تەسکەوە و بە ئاستێک حەسری دەکات کە جگە لە پەلاماردانی کۆمەڵگا و ڕوخاندنی بەسەر موستەفیدیندا، یان ئینشیقاق و ماڵجیاکردنەوە، هیچ ڕێگەیەکی تری بۆ نامێنێتەوە.

لێرەوەیە کە من پێموایە ئەو ڕۆشنبیرانە بەو ستاتۆسەی بۆ کرمانجیی ناوەڕاست داوای دەکەن زەمینە بۆ ناڕەحەتییەکی گەورە و خەتەرناکی کۆمەڵایەتیی دروست دەکەن. هەر لێرەشەوەیە کە من پێموایە ئەو پێشنیارەی ئەوان

دەیکەن لە حاڵەتی جێبەجێکردنیدا، بەپێچەوانەی نییەت و باوەڕی ئەوانەوە، کۆمەڵگای کوردیی بەرەو "پارچەپارچەبوونێکی نەتەوەیی" زیاتر دەبات. بەتایبەت چونکە ئەو جیاوازییەی ئەمان لەم دۆزەدا کاری لەسەر دەکەن خۆی لە ئەسڵدا درزێکی کۆن و گەورەیە لە جەستەی کۆمەڵگای کوردییدا و کارکردن لەسەری حەساسییەتێک و بەئاگاییەکی زۆر گەورەی دەوێت. لەمەدا مەبەستم لەو درزەیە کە لەنێوان دەڤەری بادینان و دەڤەری سۆراندا هەیە. ئەو درزەی کە من بە یەکێک لە سەرەکییترین هۆکارەکانی کەوتنەوە و ئینجا جۆشدانی شەڕی بەربەرییانەی ناوخۆی دەزانم لە دەیەی ڕابردوودا. نەک هەر ئەمە بەڵکو مۆنۆپۆلبوونی دەسەلات لە کوردستانی عێراقدا لەدەست دوو حیزبی خاوەن کولتوری خێڵەکییدا و ئەو یارییە مافیاییانەی کە ئەو دوو حیزبەی ئەمبەر و ئەوبەری کۆمەڵگای کوردیی بە موقەدەرات و کەرامەتی ئینسانیی خەڵکی ئەو ناوچەیەوەی دەکەن، لای من بەرجەستەبوونەوەیەکی ئەو دووکەرتبوونەی کۆمەڵگایە لە مەیدانی سیاسییدا.

تێنەگەیشتنە لە تەبیعەتی ئەم دووکەرتبوونەی کۆمەڵگای کوردیی کە وا دەکات ڕۆشنبیران وا خەمخۆرانە تەرحی یەکخستنەوەی دوو بەرەکە لەڕێگای یەکخستنی شێوەزارەکانیانەوە دێننە پێشەوە و بەو حەماسەتە زۆرەشەوە داکۆکیی لێ دەکەن کە دەیکەن. ئەوەی ئەوان نایبینن ئەوەیە کە ڕەسمییەتپێدانی یاسایی بە کرمانجیی ناوەڕاست وەک زمانی ستاندارد ستاتۆسی "زمانە ڕاست و ڕەوانەکە"ی دەداتێ و ئەمەش لەسەر حیسابی هەیبەت و پرێستیژی کۆمەڵایەتیی کرمانجیی ژوروو و قسەپێکەرانی تەواو دەبێت. ئاکامێکی بێئەملاوئەولای کەمبوونەوەی هەیبەتی هەر شێوەزارێک یان دیالێکتێکیش ئەوەیە کە ئیتر لە سەتحی گشتییدا تۆلێرانس بۆ ئەو شێوەزارە یان دیالێکتە کەم دەبێتەوە و ئیتر قسەپێکەرانی لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا دەبنە خاوەن زمانە "ناڕاست و خوارەکە" و تەنگیان پێ هەڵدەچنرێت.

ڕەنگە کۆمەڵگای کوردستانی عێراق یەکێک بێت لە نموونە هەرە زەقەکانی چۆنیەتی کارکردنی ئەم میکانیکییەتە، بەوەی کە لەو وڵاتەی ئێمەدا تەنانەت کەسێک دەتوانێت حاڵەت بدۆزێتەوە کە تیایدا گەڕەکێک تۆلێرانسی بۆ دیالێکتی گەڕەکەکەی پەنادەستی خۆی نییە.[1] جارێ ئەو زیادەڕۆیی و مەسخەرە [bullying] تاڵەی کە ساڵان و ساڵانێکە لەلایەن دانیشتوانی شار و شارۆچکەکانی بەری ڕۆژهەڵاتی هەیبەت سوڵتانەوە بە دیالێکتی دەشتی هەولێر دەکرێت و ئەو مەوقیعە نزمە کۆمەڵایەتییەی مەسخەرەکەران بەو دیالێکتە و بە قسەپێکەرانی ڕەوای دەبینن، دەبوایە ئەو پەنجاوسێ ڕۆشنبیرەی لەوە تێبگەیەندایە کە ئەو شەڕەی ئەوان دەیکەن بۆ تاکزمانکردنەوەی کورد، ساڵانێکە خۆبەخۆ لەسەر دەستی کوردان دەستی پێکردووە و بەردەوامیش درزی گەورە و بچوک دەخاتە جەستەی کۆمەڵگای کوردییەوە. ئەو هەنگاوە ئیرادەگەرییەی ئەوان بۆ کۆکردنەوەی "ڕیزەکانی گەل" پێشنیاری دەکەن ساڵانێکە لە مەیدانی شەعبییدا تەعەسوفیانە لەفۆرمی لێشاوێک لە نوکتەدا، کە نەبوونی تۆلێرانس و بەکەمسەیرکردنی "زماننادروستەکان" جەوهەریان پێکدێنێت، فەرز دەکرێت و کەچی تا ئێستا هەر تەنها لەبەریەکهەڵوەشانی زیاتر و زیاتری "ڕیزەکانی گەلی" لێ حاسڵ بووە.

کێشەی گەورە لەم مەسەلەیەدا ئەوەیە کە ئەوە هەر تەرەفی هێرشبەر نییە کە قیمەت و ئیعتیبارێکی کەمتر بۆ ئەو ئینسانە قایل دەبێت کە شێوەزارە بێپرێستیژەکە قسە دەکات، بەڵکو لەبەرمبەریشدا لەناووەوەی ئەو تاکە خۆیشیدا پرۆسەیەکی زاتیی و سەبجێکتیڤ دەگوزرێت کە لەئاکامدا دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو کەسە خۆیشی تێروانین [opinion] و

[1] نموونەیەکی بەرچاوی ئەمە دەکرێت گەڕەکە کوردییەکانی شاری کەرکوک بێت.

هەڵسەنگاندنی بۆ شێوەزارەکەی خۆی "کەمگیر" ببێتەوە و، ئەمەش لەدرێژەدا، وێنەی خۆی و گروپە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی لای دەشێوێنێ و ئیتر خۆی و زمانەکەی و خەڵکەکەی خۆی بە سەربە فیئە "نامومتازەکە" دەبینێت. بۆ تێگەیشتنی ئەمە دەکرێت کەسێک ئەوە بهێنێتە پێشچاوی خۆی و بیرێک لەوە بکاتەوە کە دەبێت لە مێشکی منداڵێکی بادینییزماندا چی وێنەیەکی "کەمبەهایی" بۆ خۆی و بۆ گروپە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی و بۆ شێوەزارەکەی دایکی خۆی بۆ دروست ببێت کاتێک ببینێت لە پۆلێکی پڕ لە منداڵی بادینییدا و بە مامۆستایەکی بادینییزمانەوە، بە سۆرانیی دەرس دەخوێنن. کەیفی خۆیەتی هەر کەسێک واز لە شیعاراتی ناشیۆناڵستیی و ئایدۆلۆژیای کوردایەتیی ناهێنێت، بەڵام ئیتر ئەو هەستە داڕوخێنەرەی لای ئەو منالە دروست دەبێت، بەلای منەوە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەو هەستەدا کە لای ئێمەی منالان و مامۆستایانی کوردی ناو پۆلە سادە کوردەکانی، بۆ نموونە، کەرکوک دروست دەبوو.

- **دەرفەتی یەکسان و هاولاتیی یەکسان:**

ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ خۆپێگەیاندن و بۆ تەفاعولی کۆمەڵایەتیی تاکەکان لەگەڵ کۆمەڵگادا بەردی بناغەی سازدانی کۆمەڵگایەکە کە ئینسیجامێکی ناوەکیی هەبێت و ڕووبەدەریش میللەتێکی یەکگرتوو بێت. بەرفەرمیناسینی شێوەزاری کرمانجیی ناوەڕاست وەک زمانی فەرمیی لەم دەرفەتەی هاولاتیی بادینییزمان کەمدەکاتەوە. گەر وای دابنێین کە پێشنیاری ئەو ڕۆشنبیرانە کردنی کرمانجیی ناوەڕاستە هەر تەنها بە زمانی خوێندن و زمانی ئیدارەی دەوڵەتیی، ئەوا گومانی تیا نابێت کە ئەوکات منداڵێکی بادینییزمان لە خوێندندا دەرفەتێکی یەکسان بەو دەرفەتەی نابێت کە منداڵێکی سۆرانییزمان دەیبێت بۆ تێگەیشتن لە قوتابخانە و لە وانەکان، کە ئەمەش بەدەوری خۆی دەبێتە هۆی دواکەوتنی عیلمیی لای ئەو منداڵە.[2] کارێکی واش بێگومان لەدرێژەی خۆیدا دەرگا بۆ دواکەوتن و داهێزرانێکی کۆمەڵایەتیی، ئابوریی و ڕۆشنبیریی ئەو دەڤەرە دەکاتەوە کە قوتابییەکانی ئەو ئیستیفادەیە لە قوتابخانە ناکەن کە قوتابییانی دەڤەرەکەی یان دەڤەرەکانی تر دەیکەن. ئەمە لەپاڵ ئەم دواکەوتنەوە، جیاوازییەکیش دروست دەکات لەنێوان ئاستی گەشەکردوویی لەنێوان ئەو دەڤەرە جیاوازانەدا. ئەو ڕۆشنبیرانە گەر وورد سەیر بکەن دەبینن کە ئەمە لێکترازانێکی فیعلیی و خەتەرناکە لە جەستەی کۆمەڵگای کوردییدا نەک کۆکراوەیی بەدەوری زمانێکی تاک و ستانداردردا.

هەر بە هەمان لێکدانەوەی سەرەوە دەتوانین بڵێین کە گەر کرمانجیی ناوەڕاست زمانی ئیدارەی دەوڵەتیی بێت، ئەوا بێگومان هاولاتییانی بادینییزمان گرفت و سەختییان دەبێت لەپەیوەندییاندا لەگەڵ دەزگا دەوڵەتییەکاندا. کەسێکی بادنییزمان ئەو مافەی هەیە کە بەو ئاسانییەی خەڵکی سۆرانییزمان بتوانێت کاروبارەکانی خۆی لە دەزگا ئیدارییەکانی دەوڵەتدا ڕایی بکات. بۆ نموونە کەسێکی بادینییزمان لەبەردەم دادگادا دەبێت بەهەمان ئاستی کەسێکی سۆرانییزمان بتوانێت لە مەجرای دادگاییکردنەکە تێبگات و قسە و داکۆکیی خۆی بگەیەنێت .. ئەو کەسە مافی ئەوەی هەیە بەهەمان ئاستی سۆرانییزمانێک لەو لێکدانەوانە تێبگات کە دەربارەی تاوانباریی یان بێتاوانیی ئەو دەکرێن و لەو نووسراوانە تێبگات لە دۆسیەکەیدا هەیە. نەڕەخساندنی ئەم مافانە گرفتێکی گەورە بۆ دۆزی دیموکراسییەت دروست دەکات لەو ناوچەیەدا. یەکسانیی لەبەردەم دەزگاکانی دەوڵەتدا پرەنسیپێکی دیموکراتییە کە خەتەرناکە ئامادە بین بیکەینە قوربانیی

[2] لەم سیاقەدا و بۆ پاڵپشتی ئەم ڕایە کەسێک دەتوانێت ئاماژە بەو واقیعیەتە بکات کە بەپێی قسەی کادرێکی بواری پەروەردە، ساڵی خوێندنی ٢٠٠٦/٢٠٠٧ لە دەڤەری بادیناندا لە ١٦ هەزار قوتابیی پۆلی شەشی سەرەتایی، ١٤ هەزاریان لە تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵدا دەرنەچوون. (ڕۆژنامەی جەماوەر، ژ ٢٢٩، ل ٨، بەرواری ٢٠٠٧/٦/٢٥).

دەستکەوتی نەتەوەیی. لێرەوەیە کە من پێموایە جێبەجێکردنی خواستی ئەو رۆشنبیرانە مەعزەڵەتێکی گەورە بۆ دۆزی دیموکراسیی لە کوردستاندا دروست دەکات.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بێمافیانەی کە جێبەجێبوونی پێشنیاری ئەو کۆمەڵە رۆشنبیرە بەدوای خۆیدا بۆ خەڵکی دەڤەری بادینانی دێنێت، من تەواوێک تێگەیشتنم بۆ ئەو قەلەقییە و بۆ ئەو نارەزاییە زۆرەی ناو رۆشنبیرانی بادینان هەیە کە دژ بە هەوڵی تاکستانداردکردنی زمانی کوردیی پیشانیان دا و، هەر بۆیەشە لێرەوە ئامادەیی تەواوی خۆم بۆ پاڵپشتیی و یارمەتیدانی ئەوانەیان کە لە مونتەڵەقی پرەنسیپی "هاوڵاتیی یەکسان"ەوە دژ بە پرۆژەیەکی وا دەوەستنەوە (نەک ئەوانەیان کە بە یارییە ناپاکەکانی حیزبە کوردییەکان ئالودە بوون)، رادەگەیەنم.

**کارکردنی پێچەوانە لەسەر دیفاکتۆکان**

سەرجەم پێشنیاری ئەو پەنجاوسێ رۆشنبیرە لەسەر بنەمای ئەو دیفاکتۆیە خۆی دادەرێژێتەوە کە کرمانجیی ناوەراست خۆی بەتەبیعەتی حاڵ ستاتۆسێکی ستانداردیی لە مەیدانە فەرمیی و نافەرمییەکاندا وەرگرتووە. من پێموایە ئەم دیفاکتۆیەی ئەوان دەیکەنە بنەمای ئارگیومێنتکردنیان خۆی ئەسڵەن دەبێت پێشنیار بۆ بریاری پێچەوانەی لەسەر بونیاد بنرێت. ئەوەی کە لە هەر کوێیەک کەسێکی بادینیی و کەسێکی سۆرانیی بەیەکتر دەگەن، مەگەر بادینییەکە سۆرانیی نەزانێت، ئەگینا کرمانجیی ژوروو بە ئاستێک ستاتۆسی لەدەستداوە کە هەردەم کەسە بادینییەکە فەرزی دەکات بەسەر خۆیدا کە شێوەزارەکەی بگۆرێتە سەر شێوەزاری بەرامبەرەکەی، ئەمە نیشانەی هەبوونی خەلەلێکی خەتەرناکە لەو کۆمەڵگایەدا کە لە هەناوی خۆیدا تۆوی کۆنفلیکت و پەرتەوازەبوونێکی موستەقبەلیی خەتەرناکی بۆ ئەو کۆمەڵگایە هەڵگرتووە . . خەلەلێک کە هەیبەت و پریستیژی بۆ گروپێکی کۆمەڵایەتیی بەسەر گروپێکی کۆمەڵایەتیی تردا راگرتووە . . خەلەلێک کە دەخوازێت زووبەزوو و بەبێ دواکەوتن بکەوینە هەوڵی ئەوەی کە بە دەستخستنەژێربالێک و بە هاوقیمەتکردنەوەی لەگەڵ شێوەزاری کرمانجیی ناوەراستدا، ئیعتیبارێکی کۆمەڵایەتیی بۆ ئەو شێوەزارە و بۆ قسەپێکەرانی بەدەست بێنین. بەلای منەوە هاوقیمەتکردنەوەی شێوەزارەکان هاوقیمەتکردنەوەی قسەپێکەرانیانە، ئەگینا کارکردن بە ئاراستەی پێچەوانەوە هیچ نییە جگە لە کارکردن بۆ فراوانترکردنەوەی ئەو قەڵشتانەی پێشتر کەوتوونەتە جەستەی کۆمەڵگای کوردیی.

ئەوەی کە رۆشنبیرانی کورد لەو حەقیقەتەوە ئەهەمییەتی کۆکردنەوەی زمانی کوردیی هەڵئەهێنجێنن کە زمانی کوردیی لەسەر دەستی چەوسێنەرانی کورد و بۆ پارچەپارچەکردنی میللەتەکە ئاوا پارچەپارچە بووە/کراوە، وە لێرەشەوە دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە کۆکردنەوەی زمانەکە کۆکردنەوەی ئەو میللەتەیە، ئەوە هەڵهێنجانێکی میکانیکییە کە نایەوێت دان بەو دیفاکتۆیەدا بنێت کە ئەو زمانە تازە زمانێکی فرەشێوەزارە بە جیاوازیی زۆرەوە لە نێوانیاندا، وە ناشیەوێت ئەو واقیعییەتەی بەرچاوی خۆی ببینێت کە هەوڵی یەکپێگرتنەوەی زمانەوانییانەی ئەو شێوەزارانە بەردەوام پەرتەوازەیی کۆمەڵایەتیی زیاتری لێکەوتۆتەوە. کە ئەمەشت نەبینی، حەتمەن زەحمەتە ئەو حەقیقەتە دەرک پێبکەیت کە ئەم پەرتەوازییە ئیتر لەئاکامی هەوڵی پەرتەوازەکردنی زمانەکەت و لەئاکامی هێرشێکی دەرەکیی نییە، بەڵکو ئاکامێکی راستەوخۆی هەوڵی یەکتاکردنەوەی زمانەکەتە و لەئاکامی هێرشێکی ناوەکییە.

دیارە ئەمە قەت و بەهیچ شێوەیەک مانای ئەوە نییە کە ئەو خەڵکە بەو شێوەزارە دوورلەیەکانەیانەوە ئیتر ناکرێت

کۆبکرێنەوە و ناکرێت هاودڵییەک و گونجانێکی کۆمەڵایەتیی وایان لەنێواندا دروست بکرێت کە ڕووبەدەر و ڕووبەناو قەوارەیەکی نەتەوایەتیی تۆکمەیان لێ دەرچێت. قەناعەتی من ڕێک بە پێچەوانەی تێروانینێکی لەم چەشنەوەیە، بەڵام من وای دەبینم کە لەپێناو پێکانی ئامانجی توندوتۆڵکردنەوەی بۆندەکانی نێوان تاکەکانی نەتەوەدا، خەڵکی کورد پێویستی بەوەیە ئیتر تۆلێرانسی بۆ جیاوازیی نێوان شێوەزارەکان و گروپە کۆمەڵایەتییەکان هەبێت نەک هەوڵی مەحوکردنی بدات .. ئەو فرەڕەنگییەی خەڵکەکە وەک سەرچاوەی هێز سەیر بکات نەک سەرچاوەی زوعف .. خەڵکەکە بەدەوری پراکتیکردنێکی حەقیقیی بەهای هاوڵاتیی یەکساندا کۆبکاتەوە نەک بەدەوری زمانێکی تاق و تەنیا و یەکگرتوودا.

ئەوەی ئەو ڕۆشنبیرانە پێشنیاری دەکەن پێشنیارێکە تەواو هاوڕەنگ لەگەڵ ئەو بڕیار و پێشنیارە ناحەکیمانانەی کە دەسەڵاتدارانی ئەو هەرێمە ساڵانێکە لە چوارچێوەی "شەڕی ساردی ناوخۆیی" خۆیاندا دەستیان داوەتێ؛ بۆ نموونە ئەوەی کە بۆ ڕاگرتنی باڵانسی ئیمتیازاتدان و بۆ پچڕینی بودجەی زیاتر بۆ ئەو شارانەی کە خۆیان تیا نیشتەجێن، داوا کرا سلێمانیی وەک "پایتەختی ڕۆشنبیریی" بناسرێت و لەبەرامبەر ئەمەشدا قسەی ڕادیکاڵانەی زۆرێک لە ڕۆشنبیران ئەوەبوو کە شاگەشکە ببوون بەو نازناوە، بەڵام ڕەخنە و دڵساردییان ئەوەبوو کە شاری ڕۆشنبیریی دەبێت خزمەتی زیاتر لەوەی ئێستای پێ بکرێ و داوای ئەوەیان دەکرد کە لە سلێمانییدا هۆڵ و ناوەند و دامودەزگای ڕۆشنبیریی زیاتر دروست بکرێ و ئیهتیمامێکی زیاتر بە ڕۆشنبیریی بدرێت تیایدا. وەک شتێک شارەکانی بۆ نموونە چەمچەماڵ و کەلار و دیانا و سومێل و کوێ و کوێی تر پێویستیان بەوە نەبێت خزمەت بکرێن و لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە هەڵسێندرێنەوە. کەسێکت نەبینی لەم ناوەندە ڕۆشنبیرییەدا بێت و بڵێت: ئاخر ئەم ئیمتیازپێدانە تەفرەقەکردنێکی ئەحمەقانەی سیاسەتمەدارەکانە کە هیچێک ناپێکێت جگە لە گەورەترکردنەوەی ئەو جیاوازییەی کە خۆی بەتەبیعەتی حاڵ لەنێوان خزمەتگوزاریی و ئیعتیباربۆدانان بۆ شار و شارۆچکە جیاوازەکان هەیە. کەسێک نەیووت: ئەسڵەن ئەوە خۆی شار و شارۆچکەکانی ترە کە پێویستیان بە بەرزکردنەوەیەکی ڕۆشنبیریی و بەرزکردنەوەیەکی ناو و ئیعتیباریانە لە زیهنی عامەمەدا نەک پایتەختی سیاسیی و پایتەختی ڕۆشنبیریی. کەسێک نەهات و بە حاکمانی دەرهاویشتەی ئایدۆلۆژیای کوردایەتیی بڵێ: واز لە حەماقەتی ڕازاندنەوەی دەوروبەری خۆتان بێنن و فریای ڕۆشنبیریی شارە دوورەدەستەکان بکەون کە لە داخ و لە ئاکامی ئەو حەقارەتانەدا کە ئێوە پێیان دەکەن وا لێشاوێک لە گەنجانیان سەرلێشێواو بوون و بوون بە کەسانی توندڕەو. ئەم کۆمیدیایە ئێستا لە کوردستاندا گەیشتۆتە ئاستێک کە خەڵک بۆ بەدەستهێنانی کەمێکی زیاتر لە مافە مەدەنییەکانیان و پچڕینی بەشێکی زیاتر لە ئیمتیازات بۆ ئەو شوێنەی لێی نیشتەجێن، لادێکان شەڕی ئەوە دەکەن بکرێنە ناحییە و ناحییەکان شەڕی کردنیان بە قەزا و قەزاکانیش شەڕی کردنیان بە شار دەکەن. ڕووی دووەمی ئەم کۆمیدیایە ئەو حەقیقەتە تراژیدییەیە کە بەڵێ لە کوردستانی ئێمەدا ناوچەکان هاوقیمەت مامەڵە ناکرێن و ئەو ناوی یەکەی ئیدارییەی کە لێی دەنرێت و ئەو تایتڵە وەسفییەی بە ڕەسمیی بە باڵای ناوچەیەکدا دادەبڕێت، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینێت لەوەدا کە ئایا خەڵکی ئەو ناوچەیە تا چەند مافە مەدەنییەکانیان دەدرێت، یان زۆرجار تا چەند فەزڵیان دەدرێت بەسەر خەڵکی ناوچەکانی تردا.

ئەم واقیعەتە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەی ئێستای کۆمەڵگای کوردستانی عێراقە کە ئەو ڕۆشنبیرانە نایهێننە ناو حیساباتی خۆیانەوە کاتێک پێشنیارێک بۆ ئەوە دادەڕێژنەوە کە چۆن بتوانین زمانی ستانداردمان هەبێت. من پێموایە ئەم واقیعەتە هەلاهەلایەی کۆمەڵگای کوردیی خۆیەتی کە دەبێت ڕۆڵی یەکلاکەرەوە ببینێت لەوەدا کە ئایا چەند زمانی فەرمییمان هەبێت و بە چی میکانیکییەتێک بگەینە هاوقیمەتکردنەوەی شێوەزارەکان و زیادکردنی تۆلێرانس بۆیان، نەک ئەوەی کە

ئایا لە چین و فەڕەنسا و ئاڵبانیا و کویَ و کوێی تر بە چی میکانیکییەتێک زمانی ستانداردیان دەستنیشان کرد و "چۆن سیاسییەکانیان بە ئەرکی مێژوویی خۆیان هەستان و تاکە شێوەزارێکیان وەک زمانی فەرمیی دەستنیشان کرد".

**دوو زمانی فەرمیی لە پێناوی هاوڵاتیی کورددا**

مایەوە بڵێم کە من لەسەر بنەمای ئەو ڕایانەی سەرەوەم، هیچ چارەیەکی تر بۆ دۆخی هەنوکەیی زمانی کوردیی و ئەو گرفتانە نابینم کە لە کۆمەڵگای کوردییدا دروستی کردووە جگە لەوەی کە دوو شێوەزاری فەرمییمان هەبێت لە کوردستاندا. ئەوەی کە ئەمە چۆن مومکین دەبێت عەمەلیی بکرێتەوە و وردەکارییەکانی ڕیفۆرمێکی زمانەوانیی لەم چەشنە لە کوردستاندا چییە، هەموو ئەمانە لە داهاتوویەکدا دێمەوە سەری و، وە ڕەنگە بە هاوکاریی لەگەڵ چەند شارەزایەکی تری لینگویستیکی کوردییدا تۆزێک بەرینتر و کۆنکرێتتر ووردەکارییەکانی ئەو ڕیفۆرمە پێشنیار بکەین.

ئۆسلۆ – ٢٠٠٨/٥/٢٧
sirwanebdul@yahoo.com